شعر



# "یوانا ماریا" پاپۆڕێکی بایەوانییە سەر بە سەردەمێکی تر

شیعر: ژێئۆ بوگزا

وەرگێڕ: یوونس ڕەزایی

jineftin.krd

شعر

ماڵپەڕی ژنەفتن ٢٠٢١

jineftin.krd

١

"یوانا ماریا" ئێستاکە دوور و نەدیوی

هەمیشە هەر حەزت لێ بوو دوور کەویەوە

"یوانا ماریا"

ئەو دەریایانەت خۆش دەویست

پاپۆڕی بایەوانی شەو و ڕۆژ

جار ناجارێ

تێیاندا دەکەوتنە مەلە

ئەو کەنارانەش کە ڕاوچیی مەرجانەکان

دەگەڕێنەوە هەواریان

شاخە بەفرگرتووەکان و

دوورگە و شارە نەناسراوەکانیش

هەرچییەکی لێرە نەبا و

لە دوورە دەستەکان بایە؛

خۆشەویستی ئەتۆ بوون لە ڕووی دونیایە.

مەوداکانیش لە چەشنی تەلی چەنگ وعوود

لە تۆدا دەنگیان هەڵبڕی و

سەرپاکی گۆرانییەکانی خاکیان کوتەوە

گۆرانی؛ بۆ کۆچی بێکۆتایی ژیان

بۆ سەفەری بێناونیشان

بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە بەستێن

بارگەی خۆیان دەپێچنەوە و

ڕوو دەکەنە دووردەستەکان

نەك گۆرانییەك بۆ دوورەدەستی ئەستێرەئاسای چاوەکانی من

ئەو کاتەی لە تۆ ڕادەما و دەیگوت:

“یوانا ماریا”

تۆ شەنگترین گوڵی دونیای

٢

"شەوەکانی فێوریە"

ئێوارەیەکی فێوریە بوو "یوانا ماریا"

ئەو دەمەت لەگەڵت هاتمە پەیڤین و

گوتم:

با بچینە کۆڵانەکان و پێکەوە پیاسە بکەین

گوڵێکیشم دایە دەستت

ئەوە دەسپێکی ئێوارەیەکە

شار سەرتاپا

شەڵاڵی تاریکی ببوو

خەڵك لە چەشنی تارمایی

لە پەنای من و تۆوە ڕادەبردن پێم وایە

بۆ سەفەرێکی دوور و درێژ؛ بارگەیان دەپێچاوە و

هەڵیاندەگرتین و دەیانبردینە بنی دونیایە

بێ ئەوەی بیانهێشتایە

کە بە خۆمان بزانییایە.

لە پاڵمەوە بە تاریکاییدا هەنگاوت هەڵدەبڕی

دەتگوت گوێم لە ویرەت دەبێ

نزم و بێدەنگ

لەبەرخۆتەوە گۆرانیت دەگوت

سەر لە ئێوارەیەکی مانگی فێوریە بوو ئەمجارە

سەرەتایەکی لەبار

بۆ گێڕانەوەی باسی یار بە هەستەوە
"یوانا ماریا"
سوورە گوڵێکت بە دەستەوە.

٣

ئەستێرەیەکی سەیر هەڵاتووە
لە سووچێکی ئاسمان
ئەستێرەیەك کە بە ڕۆژیش تیشکی داویشت
هەموو شار چاویان تێدەبڕی
هەر من ڕووم لێ وەرگێڕابوو
چاوم لە بەژنی ئەتۆ ڕامابوو
"یوانا ماریا"
ئەوێ ساڵێ، ئەو ئەستێرە گەلێ سەیرە
ڕۆژ لە دوای ڕۆژ
هەر لە ئاسمانێ دەدرەوشا
شار چاوی لێ نەدەترووکاند و بە تەنیا
هەر من بووم بە دیمەنی سیمای ئەتۆ موبتەلا
من بووم تەنیا لە تۆم دەڕوانی "یوانا ماریا"

٤

ئەو شەوانە "یوانا ماریا"
تۆمار کراوە لە بیرەوەری پەیکەرەی ناو بڵوارەکاندا

ئەوان پیاسەی ئێمەیان دیوە
شان بە شانی یەکەوە
ئەوەشیان دیوە چلۆن دەگەڕامەوە
تەنیا و خەمبار
تفت و تاڵی ئەو دونیایەم
لە ژێر ددانم دا دەکرۆشت

"یوانا ماریا" ئەو شەوانە سەرلەنوێ

تامی بەرزەناوی دینامیتم دەچێشت

ئەو شەوانەی ئاواتم بوو تەواوی شار

تووڕ هەڵدرێ بەرەو ئاسمان

وێڕای هەموو ئەو کەسانەی

لەنێو دیوارەکانیدا ئێستەکانێ نیشتەجێن

شەوی وابوو

هەتاکو کازیوەی بەیان

خەو نەدەچووە چاوانمەوە و

تەنیا و تووڕە

بیرم لە تۆ دەکردەوە و

دیسان دەبوومە لاوەکەی، شازدە ساڵ لە نوێ

"یوانا ماریا"

٥

هێندێك بەیانی نەگبەت "یوانا ماریا"

دەڵێی لە خاکدا شتێکی تەواو ترسێنەر قەوماوە

"هەوری لۆکەیی نەزۆك" گشت ئاسمانی حەشارداوە و

باڵندەکان بە تەڕی لە حەواوە ڕادەبرن

بەرەبەیانێك لەو بەرەبەیانانە "یوانا ماریا"

پاش ئەوەی هەورەبرووسکە

دڵی تاریکایی شەق کرد

پەنجەی نەبەدی و تیژ و بێ بەزەییش جەرگی منی!

هەواڵی مەرگی هاوڕێ فڕۆکەوانەکەمان بیست

بە جووت ئاوارە و هەڵوەدا

بێدەنگ

لە کۆڵانە چۆڵەکاندا

پۆشتەی جلکی بارانیمان و

بۆ یەکەم جار لە جاران

هاوڕێی یەکتر؛

لەبەر باران

٦

ئەو رۆژە هەورەکان وەک لەتکە مەلافەی قوڕقوشمی زەلام

بەسەر سەری شاردا دەکەوت و

ئێمەیان لەو هەڵدەبڕی

سەردەمی خۆشەوە بوونمان بوو

ڕاکشاو لەسەر سەوزاییە بەرزەکان و- با

لە ئاسۆکانەوە

دڵۆپەی پەلکەزێرینەی ئاوی

لەگەڵ خۆی بە دیاری دێنا و

بۆن و بەرامەی وڵاتانی دووریش هەروەها

من بەردەوام لە دەستەکانتم دەڕوانی و

دەمکوت:

دەستەکانت گەلێك جوانن

دەستەکانت لە خۆت دەچن

"یوانا ماریا"

٧

جارێکیش وێڕای یەك کۆڵانەوکۆڵان ڕامان دەکرد و

تۆش سوورە گوڵێکت بە دەستەوە بوو

بەرەبەیانێکی بەهار بوو
بە تۆم دەگوت:
بەرەو دوورەدەستەکان دەڕۆم
"یوانا ماریا"

دەچوویە بیرێکی سەیرەوە و
گوڵپەڕەکانی ئەو سوورە گوڵەت
یەکە یەکە دەوەراند

٨

## "دارستانەکانی دەرەوەی شار"

یەستاش دارستانی دەرەوەی شارم خۆش دەوێ "یوانا ماریا"
ئەو دارستانانەی جار جار بە نێویاندا تێدەپەڕین

دارستانەکان ساکار بوون
دارستانەکانی دەرەوی شاری
بەڵام من زۆر گیرۆدەت بووم
هەموو شتێك لە نیگای مندا سەیر و سەمەرەی دەنواند

دەتگوت لەودیو ئەو تەپکەوە
وڵاتی فوارەکان باڵابەرزەکان دەست پێ دەکا

ئاوایە "یوانا ماریا"
ئەوبەری ئەو تەپکەپاکە
سەرەتای نیشتمانی فوارەکان بوو
ئێمەش قەت نەدەگەیشتینە ئەو خاکە

٩

ئەو کۆڵانانەشم خۆش دەوێ "یوانا ماریا"
کە گوڵ بەدەست
پێیان دا دەگەڕایەوە ماڵێ

کووچەکانی سەرەتا پان و هەروابوون
بە زۆر پەیکەرەی جوانەوە
دواتر کۆڵانە هێمنەکان
کە مانگ لەنێو ماڵەکانییەوە خەریکی چاوبڕکێ بوو
لەو دیو پەنجەرەکانەوە.

لە تەنیشت تووە هەنگاوم هەڵدەبڕی و
شانەکانمان لە شەودا
ڕادەوشاند

چ کووچە و کۆڵان و شەو و شەوگارێکی جوان بوو
"یوانا ماریا"
تۆ گوڵت بە دەستەوە بوو و
منیش چاوم لێ نەدەترووکاندی و دەمگوت:
تۆ لە تەمەنی شازدە ساڵی دای
"یوانا ماریا"

١٠
ئەستێرەیەکی گەورەی درەوشاوە بوو
بە هەڵپەوە چاومان لە چاوانی دەبڕی
تۆ کوتت: ڕەنگە ئەستێرەی بەختی من بێ

گوتم نا "یوانا ماریا"
ئەستێرەی تۆ ئەستێرەیەکی دیکەیە
ئەستێرەیەکی نەناسە

هیچ زیندەوارێ نایبینێ و
هەر من لە گشت ئەو دونیایەدا دەزانم چ باسە و
کام ئەستێرەیە "یوانا ماریا"

١١

دواجار پرسیم: "یوانا ماریا"
ئەو ئێوارەیەت لە بیرە
ئەو دەمەی بەسەری ڕووت لە کۆڵاکەنەکانەوە ڕادەبردین

گوتت: پاش ئەوە هەموو شتێکم لە بیرە
ئەو ڕۆژە بارانێکی بە لێزمە دایدابوو

ئەرێ "یوانا ماریا"
ئەو ڕۆژە بارانێکی بە خوڕ باری بوو
ئێمەش بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە یەکتری هەڵدەبڕاین
ئەو ڕۆژەم هەر لە بیرم ماوە و
ڕەنگە تازە قەت قەتم لە بیر نەچێتەوە ئەو کاتە

١٢

هێندێ ئێوارەش "یوانا ماریا"
بێ جووڵە ڕووبەڕووت ڕادەوەستام و
چاوم لە چاوانت دەبڕی
گەلێك جوان بووی "یوانا ماریا"

جوان بووی جوان "یوانا ماریا"
لە چەشنی پاپۆڕێکی بایەوانی تازە دەرکەوتوو
لە دوورە دەستی دوورگە نەناسیاوەکانەوە

جوان بووی جوان "یوانا ماریا"

منیش چاوم لێدەکردی و مەستی تۆ بووم

بە وێنەی پاپۆڕێکی بایەوانی

کە تۆی بەرەو دەریاکان دەبرد و

وەسەمای دەخستی

کە تۆی دەبرد

هەتاکو ئەوپەڕی دونیا

ئاوا بوو

“یوانا ماریا”

١٣

ئەو پاییزە “یوانا ماریا”

خەمینترین ئێوارانی هەموو تەمەنی خۆم ژیام

ئێوارانێك کە مژێکی تووڕە خۆی دەخزاندە شارەوە

کاتەکان هەتا بەیانی بە خاوی ڕادەبردن

منیش دڵم بۆت تەنگ دەبوو “یوانا ماریا”

ئەو ئێوارانەی دڵتەنگت دەبووم

وەك ئەوانەی لە خەودا دڵتەنگی مانگ دەبن و

دەڕۆن بەرەو یارەوە

بەڵام تۆ هەمیشە لە بەرێکی دیکە بووی

کاتەکان هەتا بەیانی بە خاوی ڕابردن و

مژ بە تووڕەیی دەخزایە ناو شارەوە

ئێوارانێك دڵتەنگت دەبووم “یوانا ماریا”

١٤

هێندێ شەو بوو “یوانا ماریا”

بەردەوام بە بیری تۆوە خەیاڵم دادەگیرسا

ڕووت و تەنیا

لەژێر درەوشانەوەی پڕ لە ژانی مانگ

کە لە ئاسمانەوە

دڵۆپ دڵۆپ خوێنی دەمژیم و

بەربەیان بەرۆکی بەردەدام

بە زەردی و ڕەنگ بزرکاو

بە باڵای ڕۆژدا هەڵدەزنام

دەڵێی لە قووڵایی ئوقیانووسەکانەوە

تێت دەڕوانیم و دەتکوت:

ڕەنگت بە ڕووەوە نەماوە

ئەیچۆن ""یوانا ماریا""ڕەنگم پەڕیبوو

هەر جارێك بیر لە تۆ دەکەمەوە و لە دوێنێ

ڕەنگم بە ڕووەوە نامێنێ

بە درێژایی تەمەنم

١٥

بەربەیانی وابوو "یوانا ماریا"

لە خەوت هەڵدەستاندم

وەك ئەو تیشکەی بەرەو لام پەلی دەهاویشت

بەیانی وابوو "یوانا ماریا"

دوو خۆر لە دونیا هەڵدەهات

لەو سەرەتای ڕۆژانەدا

چاوم لە چاوی ژین دەبڕی

قژەکانم دەدا دەست با

بەربەیانی وابوو لەوانەدا

گوڵەکان لەبەر جوانیی دەدرەوشانەوە

ئەو بەیانانەی دوو خۆر بە ڕووی دونیادا دەشنانەوە

تۆ لە مندا خۆیا دەبووی "یوانا ماریا"

لە خوێنم دا

ئەو خۆرەتاوە بە تین و لاوە

کە لە خەو ڕایدەچڵەکاندم

ڕاست ئەو کاتەش کە چاوەکانم هەڵدێنا

بیرم لە تۆ دەکردەوە و

جگە لە تۆ لەو دونیایە

کەسی دیم بەدی نەدەکرد

١٦

ئەو ڕۆژەی هەورەکان

تەڕ بە سەر لەشی خاکدا دەکێشران

قەت قەت دووپات نابنەوە "یوانا ماریا"

قەت قەت دووپات نابێتەوە

ئەو ئێوارەیەی خەمینتر لە هەمیشە

لە بارخانەی بەستێنێكدا ڕاوەستابووم

ئەو دەمەی کە تۆ بۆ ئەبەد

بارگە و بنەت دەپێچاوە

قەت قەت دووپات نابێتەوە

ئەو شەوەی ناوتم بە تیشك

لەسەر دوندی دەکەلەکان نووسی

ئەو نوورانەی پەیتا پەیتا هەڵدەبن و دەکووژێنەوە

بەڵام ناوت لە تاریکیدا کۆچی کرد

لە ئەستێرەیەکەوە بۆ ئەستێرەیەکی دی

لە ئاسمانێکەوە بۆ ئاسمانێکی تر دەڕوا

بە شێوەیەك کە لەمەودوا

من لەسەر دوندی دەکەلەکان نووسیم
بەو نوورانەی کە هەڵدەبن و دەکووژێنەوە
دەکووژێنەوە و هەڵدەبن
ئەو دەمەی لەو بێسنووری دونیادا
ناوت وێڕای خۆیان دەبەن

١٧

**"ئەوڕۆش دەریاکان ئێمە بەرەو دووردەستەکان دەبەن"**

ئێمە تازە بەیانیباشمان بە یەکتری گوتووە "یوانا ماریا"
کاتێك دوای شەوانی بێکۆتای تەنیایی
یەکمان لە زەردەپەڕدا دیتەوە
ژیانیش تا لێوەکانمان هەڵدەکشا
تاڵ و خەمین

ئێمە ئێستاکە بووینەتە دوو پاپۆڕی بایەوانی
یوانا ماریا
کە دوای شەوانێکی زۆری سەفەر
کاتی بەیانیی چاویان بەیەك دەکەوێ و
لە بەرزایی شەپۆلی ڕوو لە کۆتایی
سڵاو لە یەکتری دەکەن

ئەوڕۆش دەریاکان
ئێمە بەرەو دووردەستەکان دەبەن.